# دەستووری هەرێمی کوردستان و پرسی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت

**ئەحمەد ئەنوەر**
ahmedenwer@yahoo.com

حزبە ئیسلامییەکان و بەشێکی دیکەی خەڵکیش پێیان وایە کە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان موسڵمانن, بۆیە دەبێ ئایینی ئیسلام سەرچاوەیەکی بنەڕەتی, یان یەکێك بێت لە سەرچاوەکانی قانوون دانان, ئەمەش لە بەندی (7)ی پرۆژەی دەستوور ئاماژەی پێدراوە, لەبەرامبەردا چەند ئەندام پەرلەمانێك و بەشێکی رۆشنبیرانی ناوەوە و هەندەران کار بۆ لادان یان هەمووارکردنی ئەو بەندە دەکەن.

بەر لە هەموو شتێك وەکوو هەندێ لایەن بانگەشەی بۆ دەکەن جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بە واتای بێ رێزی و سوکایەتیکردن بە ئایین نایەت, بگرە مەترسی راستەقینە ئەو کاتە دێتە کایەوە کە ئایین تێکەڵ بە سیاسەت و دەسەلات بکرێت, ئەگەر هەر زۆر دوور نەڕۆین لە (30) ساڵی رابردوو ئەو دەوڵەتانەی بەناو پەیڕەوی شەریعەتی ئیسلام دەکەن بە تایبەتیش "ئێران, ئەفغانستان, سوودان" ئایا تا چەند خزمەتی موسڵمانانیان کردووە و رووی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان جوانکردووە, یان بە پێچەوانەوە؟ ئایا لەو مۆدێلانەدا ئیسلام نەکراوەتە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی گرووپێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا, یان دەوڵەت خراوەتە بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان؟!

وڵاتانی رۆژئاوا کاتێك ئایینیان لە دەوڵەت جیاکردۆتەوە, سوکایەتیان بە ئایینی مەسیحی نەکردووە, بگرە رێزو نرخێکی باڵاتریان بە ئایینەکە داوە, ئەگەر خوێنەران لەو بەراوردە نیگەران نەبن, لەم (10) ساڵەی دواییدا لە سەرانسەری جیهان ئیسلام و موسڵمانان لە ئاست ئەو کارەسات و شەرو شۆڕانەی لە وڵاتانی موسڵمان بە تایبەتی و جیهان بە گشتی روودەدات بە بەرپرسیارو دواتر شەرمەزار دەبن, یان جیهانی مەسیحی؟!

لە کاتێکدا جیهانی ئیسلام بۆتە گۆڕەپانی شەڕو ململانێی خوێناوی مەزهەبی و نەتەوەیی و دووچاری کارەساتی کوشندە بۆتەوە, ئەوا جیهانی مەسیحی بۆتە دنیایەکی ئارام و سەقامگیرو گەشەکردنی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ ؟! ئەوەنییە بەشێکی زۆری خەڵکی جیهانی ئیسلام پەنا بۆ ئەورووپاو ئەمریکا دەبن, بە هەڵە لێکی مەدەنەوە بێگومان لێرەدا مەسەلەکە خراپی ئیسلام و باشی مەسیحییەت نییە, بە قەدەئەوەی وڵاتانی رۆژئاوا ئایینیان لە شوێنی راستەقینەی خۆی داناوەو تێکەڵ بە دەوڵەت و بەرژەوەندی سیاسی نەکراوە و بەم جۆرەش رێز و پێگەی تایبەتی خۆی پاراستووە, لە بەرامبەردا لە جیهانی ئیسلام رەوتێکی قەومی, یان مەزهەبی دێت و بەناوی پیرۆزی ئیسلام بەرنامەو ئەجێندای خۆی دەسەپێنی و بەو مۆدێلە دەسەلاتەی بەناوی ئیسلام پەیڕەوی دەکات گەورەترین زیان بە ئیسلام و موسڵمانان دەگەیەنێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە واقیعی باشووری کوردستان و بە ژمارە قسە بکەین و وا دابنێین دانیشتوانی ئەم بەشەی کوردستان بە "شەنگال, مەخمور, کەرکوك, خانەقین و مەندەلی" دەگاتە (6) ملیۆن کەس, ئەوا نزیکەی (500-700) هەزاری کوردی ئێزیدین, رەنگە نزیکەی (500) هەزار مەسیحی هەبێت.

کاکەییەکانیش (100 -200) هەزار دەبن, واتە نزیکەی (1/5) ملیۆن کەس موسڵمان نیین, دواتر بەشێکی بەرچاوی شەبەك و تورکمان و دانیشتوانی خانەقین و مەندەلی و بەدرەو جەسان و ژمارەیەکی زۆری کوردی بەغدا سەر بە مەزهەبی شیعەن. وەکو دەزانرێ ناکۆکییەکی مێژوویی لەنێوان "سوننە و شیعەدا" هەیە و هەریەکە تێگەیشتن و روئیای تایبەتی هەیە بۆ ئایینی ئیسلام, بۆیە کاتێك لە دەستووری هەرێم ئایین و تەشریع و دەسەلات تێکەڵی یەکتر بکرێت, چی لەو هەموو ئێزیدی و مەسیحی و کاکەیی و بگرە شیعەکان دەکەیت؟ ئایا ئەوان رازی دەبن ژیانیان بە گوێرەی ئەحکامەکانی ئیسلام رێك بخرێت؟ بێگومان نا, کەواتە دەبێ مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵدا بکرێت.

لێرەدا مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بە چەند ئەندام پەرلەمانێك و حزبی دەسەلاتدارو خەڵکانی موعارەزەی دەسەلات نییە, حزب دەتوانێ بە کۆنگرەیەك بەرنامەی خۆی بگۆڕێ, بەڵام دەستوور پرسێکی ستراتیژیی و کاری دەیان ساڵەیە.

بەرای من گەورەترین خزمەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکرێت ئەوەیە کە تێکەڵ بە سیاسەت و فەرمانڕەوایی نەکرێت, بۆ ئەوەی کارو کردەوەی حزبێکی ئیسلامی, یان گروپێکی دیاریکراو نەبێتە سەنگی مەحەك بۆ ناسینی ئیسلام, چونکە ئاشکرایە هەر گروپێکی سیاسی ئیسلامی بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی مامەڵە لەگەڵ دەقەکانی قورئان دەکات و تەفسیری دەکات, بۆ نموونە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی عێراق گەورە مەرجی شیعەکان "عەلی سیستانی" دەیگوت هەڵبژاردن جیهادەو دەبێ بەشداری تێدا بکەن, کەچی "حارس ئەلزاری و هەئیەی عولەمای موسلمین" دەیگوت ئەمە پلانی هێزێکی داگیرکەرەو دەبێ موسڵمانان بایکۆتی بکەن! ئەوان هەردووکیان بەناوی خواو پێغەمبەر و موسڵمانان قسە دەکەن, کەواتە ئیسلام لێرەدا دەبێتە ئامراز, دەمامك بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراو, یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو شەڕە ئەهلییەی لە عێراق لە ئارادایە دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی و دووبەرەکی ڕەوتە سونییەکان و ڕەوتە شیعەیەکان ڕەوشێکی هاوشێوە لە لوبنان هەبوونی هەیە, کەواتە بۆچی ئێمە پەند لەو نموونانە وەرنەگرین و لە خۆڕایی گەل و وڵاتی خۆمان ڕووبەڕووی هەڵەیەکی لەو جۆرە بکەینەوە؟! بۆچی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بخەینە ناو گەمەی سیاسی و ئەوەندە خەجاڵەتی بکەین؟ ئەمە خزمەت بە ئیسلام دەکات یان بە پێچەوانەوە؟!